# بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمەش کوردستانین

بێکەس بەرواری

زۆر جارهەوڵی نوسینم داوە بە چەندین زمان وبەتایبەت بە کوردی وبە عەرەبی سەبارەت بەکوردستانیبون وگرنگی ئەم راستیيە لەسەر کەسایەتی کورد وکاریگەری هەندێک لە سەرکردایەتی وهەندێک کەسانی کورد وبەشێک لە راگەیاندنی کوردی لەسەر گورینی ناسنامە راستەقینەکەی خۆمان وبەعێراقی وئیرانی وتورکی وسوریایی بونمان وە لاوازکردن ودور خستنەوەی کەسایەتی کورد لەبیری سەربەخۆیی. بەلاّم بەداخەوە ئەمرۆ بە هەستێکی خەمناکەوە وەدوای ئەوەی کە وتارێکی بەرێز( کاوە ئەمین )م خوێندەوە لە دەنگی سەربەخۆ لەژێر ناوی (عێراق ولاّتی ئێمە نییە تا ئێمە عێراقی بین ) کە ئاراستەی کاک عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرابوو ( ببورە کاک عدنان ناتوانم بلێّم کوردستانی... ع ...)؟؟؟؟

دیاربوو کەئەو وتارە وچەند وتاری تر بەرچاوم کەوتوە کە ئاماژە بەچاوپێکەوتنێکی بەرێز عدنان موفتی لەگەل رۆژنامەی ( الشرق الئەوسەتی ) عەرەبی دەکەن ولەهەمان کاتدا ئەوقسانە لەلایەن

ڕاوێژکاری کارو وباری راگەیاندنی سەروکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرێز ( تاریق جەوهەر ) پشت راست کردوە وەدوپاتی کردوە وەباس لەوە دەکەن کە کوردەکانی ئەوروپا زۆربەیان خۆیان بەعێراقی یان کوردی عێراق دەزانن ؟؟؟؟

بۆیە بەئەرکی خۆم زانی وەک کوردێک لەهەندەران کە ئەم دێرانە بنۆسم وە من وەک بەرێز کاوە ئەمین وە کوردستانیانی تر بەهەموو توانا بیرو باوەرەوە وەک سیتراتیج کوردستانیم وە لەو کاتەی کە راستی خۆم وهەبوونم ناسیوە هەر کوردستانیبووم وەهەر کوردستانی دەبم وەنەعلەت لەورۆژانە دەکەم کە لەتەمەنی منداڵی وەسەرەتای گەنجێتم نەم دەزانی کوردستان چیە وەعێراق چیە وەتەنها پێشمەرگەم دەبینی وەدەم زانی کەئەمانە خەبات بۆ کوردستان دەکەن بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی ئەوشتانە بزانم و هەستم بەبێ ولاّتی وبەبێ ناسنامەی نەدەکرد وەئەو کاتەش کەمو کاسیەکان لەئەستوویی شۆرەشەکەمان وبارۆدوخی کوردستان وناوچەکەبوون کەزانیاریمان نەبوو لەو بوارەدا وەرەورەوی سەربەخویی خرابووە ژێر گلّەوە.

ئای چەند ناشرین وچەند نەنگیە مرۆڤ ناچاربکەیت بەپێێ ویست وئیرادەو خواستی یەکێکی تر رەفتار بکات , چەند دزێو وناحەزە بەبێ ئەوەی بیەوەێ ناچار بکرێت شتێک بلێ وشتێک بکات کە خۆی بروای پێ نیە ونایەوەێت بلێت وەپێی خۆش نەبێت هیوادارم بەرێز کاک عدنان ئەگەر ئێوە کەوتبنە شێر ئەو فشارە ئەوا نەمانخەن ژێر هەمان فشار وەئەگەر ئێمە لەخەون خەیالّیشدا بژین ئەوا تکاتان لێ دەکەین خەونەکانمان سەرنەبرن وەئێمە ئومێدمان بەکەسانی وەک بەرێزتان هەبووە وهەیە وەتکایە ئەو بروایەمان لەدەست مەدەن .

بەرێز کاک عدنان ئەوەی جێی سەرنجە کە ئەو ولاتانەی هەندێک لەکەسانی کورد شانازی بە ئینتمائبونیان بو دەکەن هیچ شتێکی وا سەرنج راکێشیان نیە نە مافی مرۆڤ ونەدیموکراسیە ت ونەئازادی ونەمافی چارەی خۆ نوسین ونە کولتور ونەدابو نەریتێکی مرۆڤ دوستانەیان هەیە تاکۆ

شانازیان پێوه بکەین وەببنه هاندەرێک بوو هەستکردن بەهاوڵاتیبونێکی راستەقینه مان بۆیان وەنه ئەوان ( هاولاّتیانی نەتەوەکانی سەردەست ) پێیان خۆشه که ئێمه وەک ئەوان هاولاتی راستەقینه بین ولەماف وئەرکەکان یەکسان بین . وەتاکو پێش چەند رۆژێکیش دەیانوت نابێت کوردێک وەزیری دەرەوەبێت وە پیان وابوو که ئەمه ناتوانیت وە ک عێراقییێکی راستەقینه کاربکەت وهەر لەبەر ئەوەی کوردە ) وە دەڵێن که عێراق بەشێکه له ولاّتی عەربی گەورە, وەبێ گۆمان باشوری کوردستانەکەمان لەو کاتەتدا دەبیته بەشێک لەجیهانی عەرەبی وئیسلامی که بەراستی کولتوری ئازادی ودیموکراسی لەناویاندا تاکۆ ئەمرۆ جێگیر نیه وەجێگیربوونیان زۆر دورە وەلەبەشەکانی تری کوردستان بەلگەی رۆژانه بەدەست هەمووماننەوە هەیه کەژیان لەناوسنورەکان ودەستهەلاتی ئەو ولاتانه لەژیان لەناو دۆزەخ دەچێت.

من لێرەدا دەقی وتارێکم بۆ بەرێزتان هاوپێچ دەکەم لەبواری کوردستانیبوون و کوردستانی نەبوون وە له داهاتوودا بوبەرێزتان وە بۆ خوێنەران وەردەگێرم له عەرەبیەوە بوو کوردی که لەو کاتەم نوسیوە که سەرۆک کوماری عێراقی فیدارل ( مام جەلال ) سەبارەت به کوردستانیەکانی کردبووی ( مەبەستم ئەو کوردستانیانیەی بروایان به عێراقی کردنی باشوری کوردستان نیه ) .

http://wattan4all.org/viewarticle.php?id=articles-20050918-4445

بەرێز پێم وایه هەرکەسێکی کورد خۆی بناسیت دەبیت کوردستانی بیت وەئەوانەی رۆژانه لەکاری پولیتیکاییدا دەلێن ئێمه عێراقین راستگۆنین له گەل خودی خۆیان وە پێم وایه ئەمه تەکتیکێکه له پێناوی سیتراتیجێکدا ئەگەر وانەبیت ئەوە راستەوخۆ دژ بەراستیه مێژۆیی وجوگرافی وکومەڵایەتیەکانی گەلانی کوردستانه وە بەشێوەیێک له شێوەکان شێواندنی مێژوویه وە نەوەکانی داهاتوو ناتوانن شانازی بەو کەسانەوەبکەن وەئەم شانازیانه ئێستا سەرچاوەی لەوەوە وەرگرتووە که کەسایەتی کورد لەدوایی کوماری دیموکراتی سەربەخۆی کوردستانەوە شکستی خواردووە وە زۆر لەو کەسانه وپارتانه هەر له راستیدا برواییان بەسەربەخۆی نەبووە وە دروشمی ئوتونومی بالاّترین دروشم یان بووە هەرچەنده لەناخ کوردستانیش بن , بەلاّم ئەمرۆ وەلەم رۆژگارەدا ئەوەی کەزیاتر جێی سەرنجه که بەرێز عدنان مفتی سەرۆکی پەرلەمان مانه وە کاندیدی ( ی ن ک ) ە لەو پۆستەدا وە (ی ن ک) بروای بەمافی چارەی خۆ نۆسین هەیەوە وە ئاگاداره که زیاتر له 2 ملیون کەس له ریفراندووم دەنگیان به سەربەخۆیی باشوری کوردستان یان داوە وە بەشێکی زۆریان ئەندامی (ئەو پارتانەن کەئەمرۆ له پەرلەماندان ) وە دلنیام ئەگەر له دەنگدانێکی داخراو ونهێنی دا دەنگدان بکرێت لەسەرعێراق بوون یان کوردستانی بوون هەر تەنها بۆ زانینی راستیەکان به بێ ئەوەی ئەوکەسانه بیر له قورسی ئەو بریاره وکارگەریەکانی بکەن ( هەر تەنها دەنگدانێک بۆ تاقی یکردنەوەبێت ) ئەوا بەدلنیایی وەبه زۆرینه دەنگ بۆ سەربەخۆی باشوری کوردستان دەدەن وەئەگەر بەپێچەوانەوەبیت وە برواپان بەکوردستانی بوون نەبیت وەک سیتراتیجێک ئەوا بێگومان لەو کاتەدا برواو متمانەی گەل بەتەواوی لەدەست دەدەن.

چونکه مرۆڤ بەئازادی شتێک هەلبژێرێ وبیکات وئۆبالەکەی بگرێته ئەستۆ شتێکه وپابەندی ناچاریی بریارِی لەسەرەوە دەرچوو سەپێندراو ببێ شتێکی تره .سەپاندنی پرۆگرام وسیستەم و رژێم بەسەر کومەلداو پێشەکی رشتنی رەنگی پرۆسەی پەرەسەندن بەو بیانوەوە گوایه که لەچەند سالی رابردووی

نزیک دا وه له دوایی شەری جیهانی یەکەم تاکۆ ئەمرۆ وابوه وه سود لەتاقی کردنەوەکانی وەرگیراوه وه بارۆدۆخەکە وایە وەجیۆپولیتیکا وبارۆدۆخی جیهانی وناوچەیی دەست نادەت بۆ سەربەخۆیی کوردستان , ئەوە ئەو راستیانه رێگا بەکەس نادەن کە نکۆڵی لەراستیه مێژووییەکانی بکات وەبواری بەفەرمی وهەتاهەتای لکاندنی خاك وگەلانی کوردستان بەولاتەکانی ترەوە بدات یان رێ خۆش بکات وەهەرکەسێک یان لایەنێک وه بەپەرلەمانیشەوە ئەو هەوڵە بدات واتای پەکخستنی سەرتاپای هێزو وتوانای لەبن نەهاتووی تاکە کەسان وکومەڵ لەکوردستان و ودام ودەزگاکانیەتی . وەک هەمومان دەزانین دەست پێشخەری ئازادانەی تاکە کەسان وکۆشش وزەو توانایان هۆکاری داهێنەرن وه کۆ مەڵگای کوردستانی وەک هەموو کۆمەڵگانی جێهان وەک ئۆرگانێکی دینامیکی کاریگەر وزیندوە ,پەرەئەستێنی , بەرەو پێش دەچێ وه ئەگەر بێت وریگا سرۆشتیەکەی خۆی لێ نەگیرێ ئەوەدبێت بەرەوە سەربەخۆی بروات وەهیچ چارەسەرێکی تر ریالیستی نابێت وه له داهاتوودا هەر رێگرتنێک شتێکی کاتی وساتی دەبێت وه رێگاکە هەر باز دەبێتەوە وەگەلانی کوردستان دەگەنە ئاستێکی وا کە جیاوازیەکان لەگەل داگیرکەرانی دوێنی و بەناو برای ئەمرۆمان ئەوەندە زۆر گەورە دەبن کەگەل بێجگە لەسەربەخۆی بەهیچ شتێکی تر رازی نابێت وەئەوەانەی ئەمرۆ عێراقیبون بەتەنها چارەسەر دەبینن دەبێت ئەو کاتە یان خۆیان بگۆرن یان دەست لە سەرکردایەتی کردنی گەلانمان بەردەن . ئێمە کاتێک کە لەبەرێزیکی وەک کاک عدنان موفتی کەسەرکردەێک وشەهیدێکی زیندووە ئەوه ببیستین کە پێێ وایە کەهەمووومان عێراقێن عێراقمان خۆش دەوێت ئەوە بێگومان برینێکی زۆر گەورە لەمێشک وجەستەمان دەکاتەوە کە ساخبونی قورسە وەقسەکانی بەرێز کاک عدنان وەک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەجێی خۆیدا نین چۆنکە ئەمرۆ ئەو نوێنەری هەر هەموومانە ولەلوتکەی نوێنەرایەتیدایە وه سەروک پەرلەمانی باشوری کوردستان.

بەرێزم من یەکێکم لەوانەی کە هەمیشە شانازیم بەکوردستانی بونی خۆمم کردوە وه نەخشەی کوردستانی گەورەش بەنەخشەێک دەزانم کە ئەگەر استی راست ببێتەوە ئەوە لەو نەخشەیەی ئێستاش زیاتر کوردستانە ودەگەرێتەوە بۆ گەلانی کوردستان وەدڵنیات دەکەم کە ئەمرۆ نەوەی نوێ بەتایبەت لە دەرەوە عێراقی بوون وشتی تر بە عەیب دەزانن وەئەو ناوە تەنها واتەی کوشتن و برینە خوێن وزۆرداریيە وه تاکۆ ئەمرۆ وه بۆ ئێمەی کورد تەنها پردێکە بۆ پەرینە بەرەو سەربەخۆی وه لکاندنێکی باشوری ولأتمان بەعێراقەوە کاتی دەبیت وەچارەسەرێکی کاتی وپەنچ کردنێکی کوردستانیەتە تاکو دەرفەتی گونجاو دێت وەئەگەر ئێستا لەیەکگرتنێکی ئارەزومەندانەی باشوری کوردستان لەگەل عەربستانەوە کەمتر بیت ئەوا دڵنیابە کەگەل هەموو رێگاکان بەکاردێنیت بو ئەوەی یەک بستی خاکمان زەوت نەکرێت وەئەوسەرکردایەتیەشمان دەزانێت کە پشتگیری وخۆشەویستیمان بۆ ئەوان کۆتای پێ دێت ئەگەر لەکوردستانیبونیان لادا وەک سیتراتیج .

بەرێزم کاک عدنان بەرێزت دەزانی کەمن بەتەنیا نیم وه رەنگەبەرێزشتان هەر کوردستانی بن وەئەم قسانە تەنها تەکتیکبن وه دیارەکە کوردستانیان زۆرن وه من هاوسۆزم لەگەل هەموو کوردستانیان ئەگەر بەرەو کەمبۆنش بچن ئەوا بەسمانە کە تاکۆ مردن ئەوراستیەمان لەبیربیت کە هاوریەکانت کەشەهیدبون وه زۆربەی شەهیدەکانمان لەژێر درۆشمی ( یان کوردستان یان نەمان ) ئەو رێگایەیان گرتبوو وه تاکو شەهیدبوونیان . وه زۆریان لە کاتی شەهیدبوون درۆشمی( یان کوردستان یان نەمان) یان وتووە لە جاتی شەهدەدانی موسلمانان ؟؟ وه هیچیان بروایان بەو برایەتیە کاتییەی نیوان

ئێمەو عەرەب  ونەتەوە ورژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستانمان نیە کەلەسەر خوێن وئێسک بڕۆسکەکانی سەدان هەزار کەسی کورد دامەزراوە  وەدەکرێت ئێمە وئەوان دراوسێ بین وەرێز لەهەبوون وسنوری یەک بگرین بەڵام برابونمان لەگەڵیان خەیاڵە وەبرایەتێکی کاتی یە وتەکتیک وبەرژەوەندی هاوبەشە  وەئێمەی کورد هەموو هەوڵەکانمان بۆ بەهێزکردنی  ئەوبرایەتیە بوە وەهیچ نەماوە بۆیان نەکەین وەڕۆژ بەڕۆژ برینەکانیان سارێژ دەکەین بەڵام ئەوان لەرابردوو وە ئێستا وداهاتوو بروایان بەکەمترین مافەکانمان نیە  ونابێت ئەگەر لەژێر رکێفی خۆیان ولآتەکەیان ولەناوسنورەدروستکراو وسەپێندراوەکانیان دا نەبین وەئەمەی ئەمرۆ ئەوان پێی رازین هەمووی لە ناچاری وەبێ رێێ یە وەهەر کاتێک بۆیان بگونجێت وە دەستیان بروات ئەوا بێگومان بەرێزت یان هەر کەسێکی تر کە سەرۆک پەرلەمانی کوردستان بیت ئەوە لەبەردەم ئەو پەرلەمانە لەسێدارەی دەدەن وە دەیکەنە عیبرەت بۆ نەوەکانی داهاتوومان وەک زۆربەی سەرکردەکانمان لە مێژوودا وەئالآکەمان دەبێتەوە کفن بۆ هەزاران قارەمانی تر کە دەیانەوێت بەئازادی بژین وبەئازادی بمرن وە داگیرکەری بەهەموو رەنگەکانەوە قەبول ناکەن ئەگەر نرخەکەی چەندیش زۆر وگران بێت .

# بێکەس بەرواری

# 2006:6:7نەرویج